کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
2-6-2007 19:51بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## زەلکاوی بەردو خوێن ... م. حەمید عەزیز

بەهۆشی تاریکو سەقەتیان من کە دوێنێ نێژراوم لە بەهەشتی خوداوەندم ئەمڕۆ ئەمن تەمەن هەموو ڕۆی بە دەردوو ژان لەو وەحشەتە ئێستا ئاوی زمزم دەخۆم ئەمن منی عەشقی ئادەم و گووڵ لەجەنگەڵستانی گورگ و کەمتیارەکاندا ئەفسانە بووم مردم بەئازاری جێی بەردەکانیان تاریک و دڕندە بوون ئێستا لای فریشتەکانم ئەمن لەمێژە من کەلەپچەی هۆشی ئەوان بووم لە باوەشی بێ سۆزیدا گەشەم دەکرد خێڵی ڕیش و خەنجەرو تۆقین بوون ئەوان بۆیە کوشتیان عەشقی پاکو بێگەردی من نامۆن ئەوان بە ڕوباری ژین و خەندەو میهرەبانی ناحاڵی دەژین لە زەلکاوی لیخنیدا بەدنیای بەهەشتی دوور لەوان شادم ئێستا بۆیە گەش و ئاڵترو دەم بەخەندەم ئەمن سەد حەیف شەرمە بۆ بیری ڕزیویان تازە بەتازە خەمیانە نەچێ ئابڕوو شەرەفیان منی دەریا لەسۆزو بزەی ژین شەرەفیان نیم بوونەوەرێکی ئاسایی خوداوەندم ئەمن سبەی دایکێک دەبووم وەفام نانێک دەبوو بۆ هەژارانی وولات و عاشقانی هەزار خۆزگەو هەزار ئاوات لەناو ڕۆحما چەکەرە بوون کەچی ئێستا لەژێر خاکم ئەمن خۆم داپۆشی و گرمۆڵە بووم لەبەر حەیای مرۆڤبوونیم کەچی ئاسمانیان ڕمان بەسەرما بەمردنێک لێنەگەڕان پشوو بدەم خڵتە بوون خۆیان بێ باوەڕ بوون کە کچ بم ئەمن خوداوەندی ڕەحم و سۆزو میهرەبانی لێیان نابووری تا ئەبەد جێیان ئاگرە هەردەم کێ وەکو من عەزاب درا بەردباران و جارێ بۆ گۆڕ جارێکی تر لەگۆڕ دەربهێنرێم ئەمن خۆ بەوکارەی کە عەرشیان هێنایە خوارو زەمینیان بەتاوان کرد بە ڕوبارو گۆمی خوێن خواش لێیان خۆشنابێت مێژوو لاپەڕەی ڕەش و تاریکیان دەڵێ زۆر بەداخم لێیان ئەمن لەناو دڕندەو چەقەڵ و داڵەکەرخۆرەی ناشرین لەکوێ هەستی خوێندن هەیە بۆ بولبولێک گوناهی من چیبوو کەجیاوازبووم لەوان خوداوەندێک حەزو خۆشەویستی پتر بەخشی بەمن خۆتان بەخۆتان بن بڕۆن لەهیچ شوێن و مەملەکەتێ بستێ زەوی ناتانگرێتە ڕۆحی خۆی جێتان ئاگرە ئێوە جاهیلن ئەمڕۆ باخچەی خوداوەندی جوانی دەرگای لەسەر پشتە بۆمن کە دووا بلۆک درا بەپشتی لاوازی منا دوعایەکم لێکردن ئاهی من نابووت و ڕسوابن ئیتر دەکۆکیم و تۆسقاڵێ ویژدانتان نەبوو خوێن فیچقەی دەکرد لەقوڕگ و دەم و لوتی من زووڵم زووڵمەو دێتە ڕێتان خۆ ئەبوجەهل نەبووم یەخەی دین و دیندار بگرم دژ بە خودا زاڵم زەواڵی بۆ ئەبێ شاربەدەربوون شوکور بینیم ڕەجم دەکرێن ئیتر هیچم ناوێ ئەمن تایەر بەسەرو ماکسی لەبەری خێڵی من لە زەلکاوی بەردو خوێنا مەلەی نەفامی دەکەن لەتیرەی میرو بەگ و خەنجەر گەلێ دورم بەختەوەرم ئێستا لەخاکی ژێرپێی دایکانم ئەمن با ئیدی نەفرەت لە دین و کلتوری خوارو خێچ کەین تا هەموو بەو دەردە نەچوین چاکە توخوا ڕسوایکەن ئیتر شەڕو کوشتن و دەعوا یەکتریتان خۆش بووێ لە یادی کووشتنی من منیش وەکو کیژانی دنیا ئەژیام لەگەڵ مەحبوبەکەم گەر باوکێ یان دەووڵەتێکم هەبایە بەداخەوە لەجەنگەڵسانی چەقۆو گورگا لەکوێی بێنم هەستێکی جوان کە تێبگا مرۆڤم من کەڕۆشتم بەئازارو ئەشکەنجەوە کەسێک نەبوو لە قەومی من گوێم لێبگرێ و لێم تێبگا نەسەرکردەو نە دڵسۆزێ نەویژدانێ کەچی ئاژەڵ دڵی سووتا بەو دیمەنەی کووشتنی من توخوا بەسە مرۆڤ کووشتن ئابڕوتان چوو لەڕیزی دڕندەو تیمساح و گورگن ئێوە عەشق و خۆشەویستی و ژیان وواتای بوونە چی فێربوون لە دووای کوشتن و لەخاچدانی من

* پێشکەشە بە دوعاکانی بینین و گلێنەم.
* ئەم هۆنراوەیە پێشکەشە بە پیاوی زل و بێ هونەری کورد.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
2-6-2007 19:51 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

م. حەمید عەزیز
Hamid773@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.